**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان : ١٧**
**رۆژی دەرهێنان : ٢٠٠١/١١/٢٢**

پـشت بـە حوکمـەکانی بڕگـە (١)ی مـاددەی (٥٦)و مـاددەی (٥٣) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی (١٩٩٢)و ، لەسـەر داوای وەزیـری کـشتوکاڵ و ئـاودێری و ڕەزامەنـدی ئەنجومـەنی وەزیـران و ئـەو یاسـاکارییەش کـە ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێـراق لـە دانیـشتنی ئاسـایی ژمـارە (١٨)ی رۆژی (٢٠٠١/١١/٢١) یـدا ئـەنجامی داوەو ، بـە پێـی ئـەو دەسەلاَتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

## یاسـای ژمـارە ( ١٧ )ی سـاڵی ٢٠٠١
## یاسـای یەکێتـی جوتیـارانی هـەرێمی کـوردسـتانی عێـراق

**ماددەی یەکـەم :**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە :

١. هەرێم : هەرێمی کوردستانی عێراق .
٢. یەکێتی : یەکێتی جوتیارانی کوردستانی عێراق .
٣. سەرۆك : سەرۆکی یەکێتی جوتیارانی کوردستانی عێراق .
٤. نووسینگە (مکتب) : مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتی جوتیارانی کوردستانی عێراق .
٥. وەزیـر : وەزیـری کشـتوکاڵ و ئاودێـری .

## بەشـی یەکـەم
## ١ـ دامـەزرانـدن

**ماددەی دووەم :**

یـەکێتی جوتیـارانی کوردسـتان کـە ڕێکخراوێکـی پیـشەیی و دیموکراتییـە لـە هەرێمـدا دادەمەزرێ . ئەم یەکێتییـە شەخـسیەتی مەعنـەویی خـۆی هەیـەو داکـۆکی لـە جوتیـارانی کوردستان دەکات ، بارەگاکەشی لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێت و دەشـتوانێ لـق لـە پارێزگاکانی هەرێمدا بکاتەوەو لیژنەگەلیش لە مەرکەزی قەزاو ناحیەو گونـدەکانی هەرێمـدا پێك بهێنێ .

**ماددەی سێیـەم :**

یەکێتی بە جۆرێ دادەمەزرێ کە ژمارەیەك جوتیار لە (١٥) کەس کەمتر نـەبن داواکارییـەك پێشکەش بە لایەنی پەیوەندار بکەن . ئەوانە لە جیاتی دەستەی ئامادەکار ئیش و کاری یەکێتییەکە بەڕێوەدەبەن تا هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێ .

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com

## ٢ــ ئامـانجـەكـانی یـەكێـتـی

**ماددەی چـوارەم :**

یەكێتی بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە تێدەكۆشێ :

١. بـۆ ریـشاژۆكردنی فیدرالییـەت تێدەكۆشـێ و پاڵپـشتی لـە ئـەزموونی دیموكراسـی و دەزگاكانی دەكات لە كوردستانی عێراقدا .
٢. جەماوەری جوتیاران لە هەرێمدا رێك دەخاو ریزەكانیان یەك دەخاو بـارودۆخی ژیـن و ژیارییـان چـاكتر دەكـاو سـەویەی رۆشـنبیری و كۆمەلأیـەتی و تەندروسـتییان بـالأتر دەكاو لە پێوەندیی كۆمەلأیەتی و پیـشەیی نێوانیانـدا گیـانی هاوكۆمـەكی و برایـەتی و دیموكراتی فراژوو دەكاو لە چارەسەركردنی كێشەكاندا توندڕۆیی دەبیزێ و نایهێڵێ .
٣. دنـە دەدات جوتیـارە ئـاوارەو ڕاگوێزراوەكـان بگەڕێنرێنـەوە دێهـات و گونـدەكانی خۆیان و ئەو كێشەو پێ لێ درێژكردنانەش كە بە هۆی كۆچكردنی نـاوخۆو لـە ئـەنجامی بارودۆخی لاوەكیدا روویان داو دوچاری هەرێم بوو بوون چارەسەریان بكات .
٤. رۆڵەكانی جوتیاران هان دەدات بچنە قوتابخانەو پەیمانگەو كۆلیجە پیـشەییەكانەوە بۆ ئەوەی لە ناوچەكانی خۆیاندا سوودیان لێ وەربگیردرێت .
٥. جوتیاران رێنمایی دەكات كە بە شێوەیەكی رێك و پێكی ئەوتۆ سوود لە سامانی ئاو وەربگرن كە لە گەڵ باری ئابووریی هەرێمدا بلوێ .
٦. جوتیـاران بـە ئـاوزەدێنێ (توعیـە) و دنـەیان دەدا جەنگـەڵ و لـە وەرگـای خۆرسـك بپارێزن بەرەو چـاكتری ببـەن تـا رووەكـی رووپۆشـی خـاكی كوردسـتان زامـن ببێـو ، راوكردنیش بە جۆرێ پێك بخەن كە پەلەوەرو گیانلەبەرانی دەگمەن پارێزراوبن .
٧. بـۆ نەهێـشتنی نەخوێنـدەواری تـێ دەكۆشـێ و بـۆ ئـەو ئامانجـەش لـە گـەڵ لایەنـە پێوەندیدارەكاندا بە شێوەیەكی كاریگەر هاوبەشی دەكات .
٨. جوتیاران دنە دەدات كە كاریگەی بچووك دابمەزرێنن تا ئەو بەروبوومەی لە فرۆشـتن زیادەیەو ماوەتـەوە سـەنعەتكاریی بكـەن ، هـەروەها دنـەی دامەزرانـدنی پیـشەسازیی خۆراكیش دەدات .
٩. جوتیاران دنە دەدات و حاڵیان دەكات كە زیـادكردنی رادەی رەنێوهـاتی مـەزراكان زەرورەو ، پێویستیشە رادەی رەنێوهاتی (الأنتاجیة) یەكەی كشتوكاڵی زیـاتر بكـرێ بۆ ئەوەی بگاتە پلەی مامناوەند ( المعدل )ی جیهانی .
١٠. جوتیاران و كەرتی تایبەت ( القطاع الخاص ) دنـە دەدات كـە شـیركەتی تایبـەت بـۆ رەنێوهـانین ( انتـاج )ی تـۆوی چـاككراو و مـسۆگەر كردنـی كۆگـای سـاردكراو كـە بەروبوومی كشتوكاڵی تێدا بپارێزرێ ، دابمەزرێنن .
١١. جوتیـاران دنـە دەدات كـە كـشتوكاڵی شووشـە بەنـد رەنێـوبهێنن و لـە بەراوەكانـدا دێبەبەرو بێستان زۆرتر بكەن و ، لە دێمەكارەكانیشدا هەر جێگایەك لە باربێ بـۆ رەزی مێو دارمێوی لێ بنێژن .

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

١٢. جوتياران دنه دەدات كە مەكينە سازيى نوێ لە كشتوكاڵدا بهێننە مەيدانى كارو ، لە هەردوو بەشى رووەكى و ئاژەڵداريدا رێگاو شێوازى بەهرەمەندى و بەرەو چاكتربردن بخەنەكار .
١٣. لە گەڵ لايەنە پێوەنديدارەكاندا بە هاودەنگى كۆشش دەكات بۆ فەراهەمكردنى رێگاو شێوازى ئەوتۆ كە بە بازاڕگەياندن و فرۆشتنى داهاتى جوتياران مسۆگەر بكات .
١٤. شتێكى پێويستيشە كە بە هاوكارى و هاودەنگى لە گەڵ لايەنە پێوەنديدارەكاندا پێكەوە كێڵگەكانى كشتوكاڵ و لەوەڕگا خۆرسكەكان لەمين پاك بكاتەوە .
١٥. بۆ فەراهەمكردنى شێواز و ئامرازى نوێى لەناو بردنى دەردو بەڵاى كشتوكاڵى لە هەردوو بوارى رووەكى و ئاژەڵيدا كۆشش دەكات .
١٦. لە گەڵ لايەنە حكومييەكاندا هەوڵ دەدات كە ئەو ليژنانەى لە كاتى زەرووداسازدەدرێن و يەكسەر پەيوەنديى بە بەرژەوەندى جوتيارانەوە هەيە ، نوێنەرى يەكێتى جوتيارانيشى تێدابن .

## بەشى دووەم

## ١ـ شەرتووشرووتى ئەندامێتى

**ماددەى پێنجەم :**

شەرتوشرووتى ئەندامێتى ئەمانەن :

١. جوتيار دەبێ هاووڵاتيى هەرێم بێت و لە هەرێم دانيشتبێ .
٢. نابێ بە جينايەتێكى غەيرە سياسى يان بە جونحەيەكى ئابڕووبەر حوكم درابێ .
٣. پێويستە پيشە سەركييەكەى كشتوكاڵ بێت بە هەردوو كەرتى رووەكى و ئاژاڵدارييەوە كە ئەم جوتيارانە دەگرێتەوە :
أ. ئەوانەى كە زەوى وزارى چاككردنى كشتوكاڵيان پێ دراوە.
ب. كرێگرتەكان (ئەوانەن زەوى وزاريان بەكرێ پێدراوە) هەروەها ئەو جوتيارانەشن كە بە پێى رێ و رەسمى عيلاقاتى كشتوكاڵى كار دەكەن .
ج. جوتيار و كرێكارى كشتوكاڵى لە چوارچێوەى ئيش و كارى يەكێتييەكەدا.
د. ئەو زوراعانەى كە خۆيان كردووەو ئيلتيزاميان بە هيچ پيشەيەكى ديكەوە نييەوە.
هـ. خاوەن ئەو موڵكە تايبەتانەى كە سنوورى موڵكەكانيان لە سنوورى ئەو دابەشكردنەى بە پێى ياساكانى چاككردنى كشتوكاڵ دابەش كراوە زياتر نەبێ.
٤. نابێ تەمەنى لە (١٦)ساڵ كەمتر بێت.

ئـــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## ٢ــ ئينتيمـــا

**ماددەی شەشـەم :**

١.  ئینتمـای یـەکێتی بـەوە دەبـێ کـە داوایـەکی نووسـراو بـە بەڵگەنامـەی پێویـستەوە پێشکەش بکرێت بە لقەکانی یەکێتی یان بە لیژنەیەك لە لیژنەکانی .

٢.  داواکان دەدرێن بە لیژنەکانی گوندو ناحیـەکان ، ئـەوانیش هەواڵـەی لیژنـەی قـەزای دەکەن . دەشبێ لە ماوەی (١٥) رۆژدا (کە لە رۆژی تۆمارکردنی داواکەوە دەسـت پـێ دەکـا) سـەیر بکرێـو ببڕدرێتـەوە ، ئەگـەر هـات و ئـەو ماوەیـە تێپـەڕی و داواکـە نەبڕدرابووەوە ئەوە لەو بارەدا بە قبوڵکراو لە قەڵەم دەدرێ.

٣.  لیژنەی قەزاو لیژنە باڵاترەکان مافی ئەوەیان هەیە بە بڕیارێکی هۆدار داواکـە بدەنـە دواوە و خاوەنی داواکەش بـۆی هەیـە لـە مـاوەی (٣٠) رۆژدا (کـە لـە رۆژی تەبلیغـەوە دەست پـێ دەکـا) لـە دادگـای تـەمییز تانـە لـە بڕیارەکـە بـدات ، ئیـدی بڕیـار بڕیـاری دادگاکەیەو دەبڕدرێتەوە .

٤.  رەسمی ئینتیمای ئەندام (٢٥) دینارە .

٥.  ئابوونەی بەشداربوونی ساڵانە (٢٠) دینارە بە مەرجێ هەموو سـاڵێ بـەر لـە کۆتـایی مانگی شوبات بدرێ بە یەکێتییەکە . ئەگەر ئەندامێ لە کات و ساتی خۆیدا ئابوونەکەی نەداو دواکەوت ئەوە لەو بارەدا غەرامـەی (٥٠٪)ی ئابوونـەی بەشـداربوونی سـاڵانەکەی لەسەر زیـاد دەکـرێ ، خـۆ ئەگـەر هـات و دواکـەوت و سـێ سـاڵی بانـەوبان یـەك بـەبێ مەعزەرەتێکی بەجێ نەیدا ، ئەوە لەو بارەدا سیفەتی ئەندامێتی نامێنێ.

## بەشـی سـێیـەم
## پێـکـهـێـنـــان

**ماددەی حـەوتـەم :**

یەکێتی جوتیاران لەمانە پێك دێت :

١.  لیژنەگەلی گوندەکان .
٢.  لیژنەگەلی ناحیەکان .
٣.  لیژنەگەلی قەزاکان .
٤.  لقەکانی یەکێتی لە پارێزگاکان .
٥.  لیژنەی زەپتی .
٦.  مەکتەبی تەنفیزی .
٧.  کۆنگـرە .

**ماددەی هەشـتـەم :**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان

لیژنەی گونـد : لە سێ ئەندام و ئەندامێکی یەدەگ پێك دێت کە لە لایەن ئەندامانی یەکێتی سنووری گوندەکەوە هەر سێ ساڵ جارێك هەڵدەبژێردرێن بە مەرجێ ژمـارەی ئەنـدامان لـە

www.mojkurdistan.com

سنووری گوندەكەدا لە (٣٠) جوتیار كەمتر نەبن . جا ئەگەر هات و ئەو ژمارەیە لەو گوندەدا دەست نەوكەت ئەوە لەو بارەدا جوتیارانی دوو گوند یان زیاتر دەبن بەیەك و (٣٠) كەسەكە تەواو دەبیّ و یەك لیژنە هەڵدەبژێرێن .

**ماددەی نۆیـــەم :**

لیژنەی ناحیە : لە سیّ ئەندام و ئەندامێكی یەدەگ پێك دێت و لە لایەن سەرۆكانی لیژنەگەلی گوندەكانەوە هەر سیّ ساڵ جارێك هەڵدەبژێردرێن و لیژنەكەش لەناو ئەندامەكانی خۆیدا سەرۆكێك بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن .

**ماددەی دەیـــەم :**

لیژنەی قەزا : لە سیّ ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ پێگ دێت و ، لەلایەن لیژنەگەلی ناحیەكانەوە هەر سیّ ساڵ جارێك هەڵدەژێردرێن ئەمانیش لەناو خۆیاندا ئەندامێك بۆ سەرۆكی لیژنەكەیان هەڵدەبژێرن .

**ماددەی یـازدە :**

ئەرك و دەسەڵاتی لیژنەگەلی (گوند و ناحیەو قەزا) :

١. بەكارخستنی بڕیار و راسپاردەی لیژنەگەلی لەخۆیان بەرزتر .
٢. بەهاودەنگیو پێكهاتن لەگەڵ دایەرەو دام و دەزگای رەسمیدا كێشەو گریێو گۆڵی جوتیاران چارەسەر دەكات .
٣. پێشنیازی تایبەت بە بەرەو باشتر بردنی ناوچەكانی خۆیان هەواڵەی لایەنە پێوەندیدارەكانی حكومەت دەكات.
٤. هەر لیژنەو لە ناوچەكەی خۆیدا نامەو نووسراو ئاراستەی رێكخراو و دەزگا رەسمییەكان دەكات .

**ماددەی دوازدە :**

دەستەی لق لە پارێزگادا لە پێنج ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ پێك دێت و هەر سیّ ساڵ جارێك لە لایەن لیژنەگەلی قەزاكان و سەرۆكانی لیژنەگەلی ناحیەكانەوە هەڵدەبژێردریّ ، ئیدی دەستەی لق لەناو ئەندامەكانی خۆیدا سەرۆك و جێگری سەرۆك و لێپرساوی دارایی بۆ خۆی هەڵدەبژێریّ .

**ماددەی سـیازدە :**

دەسەڵاتەكانی دەستەی لق :

١. بەكارخستنی بڕیارو راسپاردەكانی كۆنگرەو مەكتەبی تەنفیزی .
٢. دامەزراندنی كارمەندان بۆ ئیش و كاری لق .
٣. ناونیشانكردنی ئەوانەی كە لە سنووری پارێزگەكەدا نوێنەرایەتی یەكێتی دەكەن لە لیژنە رەسمییەكاندا .
٤. پێشكەشكردنی پێشنیازو راسپاردەی تایبەتی كاروباری لق بۆ مەكتەبی تەنفیزی تا ئیقراریان بكات .

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

٥. خەرج كردنی پارەی پێویست بۆ ئیش و كاری لق لە چوارچێوەی بوجەی دارایی خۆیدا .
٦. پیادەكردنی ئەو دەسەلاٌتانەی كە مەكتەبی تەنفیزی پێیداوە ، هەروەها رێكخستنی ناسنامەی ئەندامەكانی بە پێی رێنمایی مەكتەبی تەنفیزی .

**ماددەی چـــواردە :**

ئەكر سەرشانی لیژنەی زەپتییە ئەوەیە سەیری ئەو سكالاٌو شكاتانەی بكات كە لە مەكتەبی تەنفیزییەوە بۆی هەواڵە دەكرێ ، هەروەها ئەو سەرپێچییانەش كە دەقەكانیان لەم یاسایەدا هاتووە . ئەم لیژنەیە لە سێ ئەندام و ئەندامێكی یەدەگ پێك دێت ، مەكتەبی تەنفیزی دایاندەمەزرێنێ بە مەرجێ لە كەمی بڕوانامەی ئامادەییان هەبێ و پێوەندیی بە سامانی رووەكی یان ئاژەڵدارییەوە هەبێ . ئەم لیژنەیە لە نێوان ئەندامەكانیدا سەرۆكێ بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ .

**ماددەی پـازدە :**

**زەپـت كردن :**

١. یەكێتی جوتیاران بۆی هەیە هەر ئەندامێكی خۆی ، كە حاڵەتی لەم حاڵەتانەی خوارەوەی لەسەر ساغ بووەوە لە ئەندامێتیی بخات .
أ. ئەگەر جینایەتێ یان جونحەیەكی ئابڕووبەر بكات .
ب. ئەگەر ئەهلییەتی لەدەست بدات .
ج. ئەگەر لەو ئەركانە لابدات كە پێڕۆی ناوخۆی یەكێتی گشتی جوتیاران سەپاندوویەتی ، سەرەڕای ئەوەش كە بە نووسراو ئاگادار كرابێتەوە كە ئەركی سەرشانی چییەو دەبێ بیكات .
د. ئەگەر شەرتێ لە شەرتوشروتی ئەندامێتی لە دەست بدات .
٢. یاسای زەپتیی فرمانبەرانی دەوڵەت بەسەر ئەو فرمانبەرانەدا كە لە یەكێتییەكەدا كاردەكەن دەخرێتەكار.

**ماددەی شـازدە :**

**مەكتەبی تەنفیزی لە مانە پێك دێت :**

١. سەرۆك : مەرجی ئەوەیە خوێندنەوەو نووسین بە باشی بزانێ و تەمەنیشی لە (٣٠) سی ساڵ كەمتر نەبێ .
٢. شەش ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ بە مەرجێ خوێندنەوەو نوسین باش بزانن و لە بواری كشتوكاڵ و پیشەی جوتیاریدا ئەزموون و شارەزاییان هەبێ و تەمەنیان لە (٢٥) بیست و پێنج ساڵ كەمتر نەبێ .

**ماددەی حەڤـدە :**

١. مەكتەبی تەنفیزی لە نێوان ئەندامەكانی خۆیدا جێگرێ بۆ سەرۆك و سكرتێرێك و لێپرسراوێكی دارایی بە دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێرێ .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

٢. مەكتـەبی تـەنفیزی هـەر مانگـە و جارێك كۆبوونـەوەی ئاسـایی خـۆی سـازدەدات و بۆیـشی هەیـە لەسـەر داوای سـەرۆكەكەی یـان لەسـەر داوای سـێیەكی ئەندامـەكانی كۆبوونەوەی نائاسایی ساز بدات .

**ماددەی هـەژدە :**

١. لـە كۆبوونـەوەكانی مەكتـەبی تەنفیزیـدا ( نیـصاب ) بـە ئامـادەبوونی زۆرینـەی ئەندامـەكانی دێتـەجێ و بڕیاركانیـشی بـە زۆرینـەی دەنگـی ئامـادەبووان دەردەچـێ . ئەگەر دەنگەكانیش هاوتابوون ، ئەوە لەو بارەدا دەنگی سەرۆك و بۆ كام لایـان بێـت ، هی ئەوە .

٢. ئەگەر بەهەر هۆیەك دەبـێ ، ببـێ ، جێگـای سـەرۆك چـۆڵ بـوو ، ئـەوە لـەو بـارەدا جێگرەكەی جێگای دەگرێتەوە ، جا ئەگەر جێگای جێگرەكەشی چۆڵ بوو ، ئـەوە لـەو بارەدا سكرتێر جێگای دەگرێتەوە .

٣. ئەگەر ، بە جارێ ، جێگای سەرۆك و جێگرەكەی و سكرتێریش چـۆڵ بـوون ، ئـەوە لە و بـارەدا یـەكێ لـە ئەندامـە ئەسـڵییەكانی مەكتـەبی تـەنفیزی بـە دەنگـدانی نهێنـی جێگای دەگرێتەوە .

٤. ئەگەر جێگای زۆرینەی ئەندامانی مەكتەبی تـەنفیزی چـۆڵ بـوو ، ئـەوە لـەو بـارەدا مەكتەبی تەنفیزی دەبێ لە مـاوەی دوو مانگـدا هـەوڵ بـدات كۆنگرەیـەك ببەسـتێ یـان زۆرینەی ئەندامانی كۆنگرەی پێشتر بۆ كۆبوونەوەیەك بانگهێشت بكـات بـۆ ئـەوەی بـە پێی رێسای ئەو دەقانەی لەم یاسـایەدا هـاتووە كەسـانێ هەڵبـژێرن جیگـای ئـەوان بـۆ باقیمەنی ماوەكە پڕبكەنەوە بە مەرجێ باقیمەنی ماوەكە (٦) مانگ كەمتر نەبێ .

**ماددەی نـۆزدە :**

ئەگەر ئەندامی مەكتەبی تەنفیزی لە ماوەی ساڵێكدا لە (٣) كۆبوونەوەی دوا بە دوای یەكدا یان لە پێنج كۆبوونەوەی جیا جیادا بە بێ مەعزەرەتێكی بە جێ ئامـادە نـەبێ ، ئـەوە بـە دەستهەڵگرتوو لە ئیشەكەی دادەنرێ .

**ماددەی بیسـت :**

مەكتەبی تەنفیزی ئەم ئیش و كارانەی خوارەوە دەكات :

١. بۆ وەدیهێنانی ئامانجەكانی یەكێتی كۆشش دەكات .

٢. پێشنیازی تایبەت بە هەمواركردنی یاسای یەكێتی پێشكەش دەكات .

٣. بڕیارەكانی كۆنگرە دەخاتە بەركار .

٤. كارمەندان بۆ كاروبـاری یـەكێتی دادەمـەزرێنێو كرێـو شەرتوشـرووتی تـەریفیعیان دیار دەكات .

٥. نوێنەرانی یەكێتی لە لیژنە رەسمیەكاندا ناونیشان دەكات .

٦. دەعواو شكات و سكاڵا و هەواڵەی لیژنە تایبەتكارەكان دەكات .

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

٧. ليژنەگـەلی لاوەكـی پێـك دەهێنـێ و ڕێنمـایی بـۆ وەدیهـانینی ئامانجـەكانی یـەكێتی دەردەكات .
٨. سـەیری دەسـت لـەكار هـەلگرتنی سـەرۆك یـان جێگرەكـەی یـان هـەر ئەنـدامێكی مەكتەبی تەنفیزی یان لیژنەكان دەكات .
٩. بوجـەی دارایـی تەسـدیق دەكـاو ژمێریـارێكی یاسـایی بـۆ تـەدقیقكردنی حـساباتی كۆتایی دادەمەزرێنێ .
١٠. خولەكانی هەڵبژاردن ڕێك دەخـاو بـە پێـی دەقـەكانی ئـەم یاسـایەش سەرپەرشـتی هەڵبژاردن دەكات .
١١. بە موڵك كردنی عیقـار و دارایـی و قبـوڵكردنی پیتـاك و بەخشـشو و شەرتوشـرووتی قەرزكردن و بەقەرزدانی دارایی ئیقرار دەكا ، لە چوارچێوەی بەرژەوەندو ئامانجـەكانی یەكێتییەكەدا .
١٢. بە پێی یاسای كۆمەڵەكان یانە دادەمەزرێنێ و بەڕێوەیان دەبات .
١٣. سەیری داواكارییەكانی ئینتمای یەكێتی دەكات ، ئەوانەی مەركەزی قەزاكان .
١٤. هەنـدێ لـە دەسـەڵاتەكانی خـۆی بـە سـەرۆكی یـەكێتی یـان بـە سـەرۆكانی لقـەكان دەدات.
١٥. پێڕۆی ناوخۆی یەكێتییەكە و پێشنیازیش بۆ هەمواركردنی ئامادە دەكاو دەیانخاتـە پێش چاو كۆنگرە بۆ ئیقراركردنی .

**ماددەی بیست و یەك :**

١. كۆنگرە باڵاترین دەسەڵاتە لە یەكێتیی جوتیاراندا و لە (سەرۆك و ئەندامانی ئەسڵی و یەدەگی مەكتەبی تەنفیزی و ئەندامە هەڵبژێردراوەكانی دەستەكانی لقی پارێزگاكـانی و لیژنەگەلی هەڵبژێردراوی قەزاو ناحیەكان) پێك دێت بۆ سازدانی كۆنگرە.
٢. كۆنگرە سێ ساڵ جارێك بـە بڕیـاری مەكتـەبی تـەنفیزی و بانگهێـشتنێ كـە سـەرۆك دەری دێنێ سـاز دەدرێـت و (نیـصاب) یـش بـە ئامـادەبوونی دوو سـێیەكی ئەنـدامانی كۆنگرە دێتەجێ .
٣. ئەگەر لە حاڵەتێكدا (نیـصاب) نەهاتـەجێ ، ئـەوە لـەو بـارەدا ، دوای (١٥) ڕۆژ لـە كۆبوونەوەی یەكەم هەڵبژاردن لـە هـەمان جێگـەو هـەمان كاتـدا ئـەنجام دەدرێ و لـەم بارەدا (نیصاب) بە ئامادەبوونی سێیەكی ئەندامان دێتـەجێ ، دەنـا ئەگـەر نەهاتـەجێ ئەوا مەكتەبی تەنفیزی بۆ خولێكی دیكەش بەردەوام دەبێت .

**ماددەی بیست و دوو :**

كۆنگرە بە ئاسایی سازدەدرێ بۆ وەدیهانینی ئەم ئامانجانە :

١. هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامانی مەكتەبی تەنفیزی .
٢. گفتوگۆكردن لەسەر پلانی یەكێتیو ئیقراركردنیو تەسدیق كردنی ڕاپۆرتی دارایی .

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائیعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٣. سـەيركردن و ئيقراركردنـی ئـەو پێـشنيارانەی كـە لـە بـارەی هـەمواركردنی ياسـای يەكێتی و پێڕۆی ناوخۆيەوە خراونەتەڕوو .

٤. كۆنگرە مافی ئەوەی هەيە پێشنيارای هەمواركردنی خستەی رەسمە بڕياردراوەكـان پێشكەش بكات .

**ماددەی بيسـت و سـێ :**

دەشێ لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا كۆنگرەيەكی لاوەكی (استثنائي) ببەسترێ .

١. بە بڕيارێكی هۆدار لە لايەن زۆرينەی ئەندامانی مەكتەبی تەنفيزييەوە .

٢. بە داواكارييەكی نووسراوی هۆدار كە لە لايەن دوو سێيەكی ئەنـدامانی كـۆنگرەوە ، ئاراستەی مەكتەبی تەنفيزی بكرێت . پێويستە لەم بارەدا مەكتەبی تەنفيزی لە مـاوەی (١٥) رۆژدا ((كە لە رۆژی پێـشكەشكردنی داواكـەوە دەسـت پێـدەكا)) بانگهێـشت بـۆ سازدانی كۆنگرە كە دەربكات .

٣. بڕيارەكانی كۆنگرە بە زۆرينەی دەنگ دەدرێن .

**ماددەی بيسـت و چـوار :**

سەرۆك ئەم دەسەلأتانەی هەيە :

١. سەرۆكايەتیكردنی كۆبوونەوەكانی مەكتەبی تەنفيزی .

٢. نوێنەرايەتی يەكێتی جوتياران دەكا لەبەردەم دەزگای دادگایو ئيـداری و دايـەرەو دەستەی رەسمیو نيمچە رەسمييەكاندا و ، تەسديقی موعامەلـەو بەڵگەنامەگـەلی سـەر بە يەكێتی دەكاو بۆيشی هەيـە هەنـدێ لـە دەسـەلأتەكانی خـۆی بـە هـەر ئەنـدامێ لـە ئەندامانی مەكتەبی تەنفيزی بسپێرێ .

٣. بـە هاوبەشـی لـە گـەڵ لێپرسـراوی دارايیـو سـەرۆكی لقـەكانی پارێزگاكـان بوجـەو حساياتی كۆتايی ئامادە دەكات.

## بەشـی چـــوارەم
## دارايـی يـەكێتـی جـــوتـيـاران

**ماددەی بيسـت و پێنـــج :**

يەكەم : دارايی يەكێتی لەمانە پێك دێت :

١. رەسمی ئينتماو بەشداربوونی ساڵانە .

٢. دەسنگەو بەخششی لايەنە رەسمیو نيمچە رەسميەكان كـە پێـشكەشی دەكـەن بـە يەكێتی .

٣. ئـەو پيتـاك و باربۆيـەی كـە ئەنـدامانی يـەكێتیو كەسـانی ديكـە دەيـدەنێ دوای موافەقەت كردنی ئسوڵيی لايەنە پێوەنديدارەكان .

٤. قازانجی پرۆژەگەلێ كە يەكێتی بنيادیان دەنێ .

٥. قازانجی چاپەمەنيی يەكێتی .

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٦. رەسمی تەئییدی کەفالەتی دارایی بۆ ئەندامان لە موعامەلەی کەفالەت و گرێبەستی نێوان ئەندامەکاندا ، وەك لایەنێك ، رەسمەکەش بە رێژەی (١٪) ی ئەو پارەیە وەردەگرێ کە لە گرێبەست یان لە کەفالەتەکەدا ئیقرارکراوە .

دووەم : پێویستە لەسەر یەکێتی سجلی دارایی رابگرێ وەك ئەوانەی لە یاسای بەرکاری کۆمەڵەکاندا هاتووە .

**ماددەی بیست و شەش :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی بیست و حەوت :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار .

**ماددەی بیست و هەشت :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## هۆکارە زەروورەکان

لە بەر ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵکارە ، کە زەوی و زارێکی بەرفراوانی بە پیت و بەرەکەتی هەیە و زۆربەی خەڵکەکەی بە شێوەیەکی سەرەکی بە پیشەی کشتوکاڵییەوە خەریکەو ، سەرکردایەتی سیاسی و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمیش گرنگییان بە چینی جوتیاران داوە کە جوتیاران رۆڵی سەرەکی و پڕبایەخیان لە خەباتی گەلەکەماندا گێڕاوە بۆ ئەوەی ئاواتە رەواکانی نیشتمانیی و نەتەوەیی دەستگیر بکەن بە تایبەتیش لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی رزگاریخوازانەی ئەیلولدا ، هەروەها لە پێناوی وەدیهێنانی رشتەیەکی یاسایی بۆ رێکخراوێك ئامانج و ئاواتی سیاسی و ئابووری و کۆمەلآیەتیی جەماوەری جوتیارانی کوردستان بێنێتەدی و رێگای زامنکردنی ئاواتی رەوایان مسۆگەر بکات ، لەبەر ئەوانە هەمووی ئەم یاسایە تەشریع کرا .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com